ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ سەفەرێک؛ ئەوا با یەکێکیان بکەن بە سەرداری خۆیان

لە ئەبی سەعید وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ سەفەرێک؛ ئەوا با یەکێکیان بکەن بە سەرداری (سەرکردەی) خۆیان».
[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە ڕێبوارەکان (موسافیرەکان) بەوەی کە باشترین کەسیان بکەنە سەردار لە سەفەرەکەدا؛ بە تایبەت باشترین بێت لە ڕووی ڕا وبۆچوون وپیلاندانانەوە بۆ ئەوەی کاروبارەکانیان بەڕێوە ببات وباشترین پیلان دابنێت، چونکە ئەگەر وا نەکەن وکەس نەکەن بە سەرداری سەفەرەکەیان ئەوا کاروباریان پشێوی تێدەکەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5970